# کەرکوک چۆن دەگەڕێتەوە بۆ سەر کوردستان!

## لەپەراوێزی دیمانەکەی قادر عەزیزدا

**سامان کەریم**

کاك قادر عەزیز سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانو نوێنەری سەرۆکی هەرێم بۆ چاودێریکردنی ماددەی 140 لە دیمانەیەکدا لەگەڵ "ئاسۆ" کە لە ماڵپەری دەنگەکاندا لە ڕۆژی 2006/11/18دا بلاوبۆتەوە، باس لەوەدەکات کە "ئەگەر وابڕوات ماددەی 140 لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا جیبەجێ ناکرێت"و لە درێژەی وەڵامەکانیدا بە "ئاسۆ" دەڵێ "وەزیری لاوان (جاسم محەمەد) خۆی ئەندامی لیژنەکەیە، بەلام مالکی بۆ دەرپەڕاندنی سەرۆکی لیژنەکە (هاشم ئەلشبلی) کە هەلوێستێکی باشو بێلایەنانەی لە جێبەجێکردنی پرۆسەکەدا هەیە، ئەوی کردووە بە نوێنەری خۆی لە لیژنەکەدا، هەروەك ئەندامێکی بەرەی تورکمانیشی خستۆتە ناو لیژنەکە، ئەمە جگە لە سەرفنەکردنی بودجەی لیژنەکە، کەئەمانە هەمووی بۆ ئاستەنگکردنی لیژنەکەیەو بۆ ئەوەیە کە پرۆسەکە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا جیبەجینەکرێتو دواجار درێژ کردنەوەی ماوەکەیە..." هەروەها لە وەلامی پرسیاریکی دیکەدا کاك قادر دەڵێت "...خۆ ئەگەر لە ئێستەشدا کورد نەتوانێ ئەوە بکات، ئەوە دڵنیابە کەس نازانێ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بارودۆخەکە چۆن دەگۆڕێو چەند لە زەرەر یان بەرژەوەندی کورددا دەبێت، بۆیە ئەمەی ئێستا دەرفەتە کە هیوادارم وەك دەرفەتەکانی تر لەکیس نەدرێت، چونکە هیچ کات دەرفەتی وامان بۆ نایەتە پێشەوە، بۆیە ئەگەر ئێستا کەرکوکمان بۆ نەگەرێتەوە ئاسان نیە لەکاتێکی تر بۆمان بگەرێتەوە..." بەکورتیو بە پوختی دەتوانین بلێین ئەمە ناوەرۆکی چاوپێکەوتنی کاك قادر عەزیزو سەبارەت بەدواین ئالوگۆرەکانی جێبەجێکردنی ماددەی 140، کە لەچاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ کوردساتیشدا هەمان ئەم قسانەی دوبارە کردەوە.

لەگەڵ دەرچونی ماددەی 58 دا کە ئێستا لەدەستوردا بۆتە ماددەی 140، ئەوکات من لە وتارێکدا بەجیا لەوەی کە ناوەرۆکی ئەم ماددەیەم ڕۆشن کردۆتەوەو نیشانم داوە کە چۆن بەقازانجی خەڵکی کوردستانو خەلکی کوردنشینی شاری کەرکوك نیە، جەختم کردۆتە سەر ئەوەی کە ئەم ماددەیە لەلایەن هیچ هێزێکی پیکهێنەری ئێستای حکومەتی بەغداوە جێبەجێناکرێت، واتە ئیسلامی سیاسی شیعیو ئیسلامی سیاسی سوننیو ناسیونالیزمی عەرەبو عەلاویشم بۆ زیاد کردبوو، هیچ یەك لەم هێزو کەسایەتیە ناسراوانە ئیمزای خۆیان لە جێبەجێکردنی عەمەلی ئەم ماددەیە نادەن. واتە بەشێوەی فعلی ناچنە پای گێرانەوەی کەرکوك بۆ یەکیتیو پارتی. ئێستا پێویستە ڕۆشن بێت کە ئەم ماددەیە نەك کاتەکەی دوادەخریت وەك کاك قادر دەلێت بەڵکو جێبەجێناکرێت. کاك قادر پێویست بوو باش لیکدانەوەی خۆی بکردایە، پێش وەرگرتنی پۆستەکەی وەك نوێنەری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ ئەم کارە، چونکە پۆستێکی وەرگرتوە، کە لەپێشەوە دیارە هیچ کارە دەبێتو هەروەك خۆیشی ئاماژەی پیدەکات تا ئێستا هیچی وایان نەبوە. بەپێچەوانەی بۆچونەکانی کاك قادرەوە مەسەلەی جێبەجینەکردنی بڕیاری 58 یان ماددەی 140 مەسەلەیەکە بەتەواوی سیاسیەو هیچ پەیوەندی بە پارەوپولو لیژنەو زیادکردنی بەرەی تورکمانی... نیەو هەموو ئەوانە ئەنجامی سیاسەتێکی دیاریکراوە کە نە ئیسلامی سیاسی شیعی وە نە ئیسلامی سیاسی سوننی وە ناسیونالیزمی عەرەب، واتە تەواوی هاوپەیمانو دۆستەکانی یەکێتیو پارتی بە ئەمەریکاشەوە ناتوانن بە شیوەی عەمەلی بچنە پایو ئیمزای بکەن (کاك قادر باش دەزانێت ئەگەر مەسەلەی کەرکوك لەسەر سەرفکردنی 100 ملیۆن دۆلار بوەستایە، ئەوە لەسەر سەرفکردنی ئەو پارەیە بۆ گێرانەوەی کەرکوك لەلایەن یەکێتیو پارتیەوە دەبوو بە شەڕ، ئەو پارەیە بۆ ئەوان وەك پارەی دەعوەتێك وایە). ئەم مەسەلەیە واتە ئەوەی کە جێبەجێکردنی ماددەی 140 خەتی سورێکە، دەکرێت وەك گرێبەستێکی نائاشکرای نێوان هەموو ئەم هێزانەو وولاتانی ناوچەکەو ئەمەریکاو ئەوروپاش بێت.... خەتی سورێکە بۆ هەموو ئەم هێزانەو لێی لانادەن. بەتایبەت دوای هەڵبژاردنی 11/7ی ئەمەریکاو شکستی ئیسراتیژی ئەمەریکا، خاوبونەوەی پۆزلێدانی بۆشو تاقمەکەی ئیتر ئەمەریکاو ئیدارەکەی ناچارە بەشیوەیەکی عەمەلیو زیاتر لەجاران پەنا بەریت بۆ دامێنی ناسیونالیزمی عەرەبو ولاتانی ناوچەکە هەروەك ماوەی سالێکە دەستی پێکردوەو ئێستا زیاترو زیاتر توند بۆتەوە. وەك چۆن مەسەلەی جێبەجێنەکردنی ماددەی 140 مەسەلەیەکی سیاسیە، بەهەمان شێوە، چۆنیەتی گێرانەوەی کەرکوکیش بۆ کوردستان مەسەلەیەکی سیاسی گەورەیەو ناسیونالیزمی کورد، نەك خاوەنی ئەم سیاسەتە نیە، بەڵکو ڕۆژانەو بەشێوەیەکی عەمەلی دژی دەوەستێتەوە!

### *خەڵکی کەرکوك بۆ بگەرێنەوە ژێر سایەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم!

خەڵك بەشێوەیەکی گشتیو بەجیا لە ئایدۆلۆژیاو تەنانەت بیروڕایەك کە هەیەتی، ئۆبجێکتیڤانە بیر دەکاتەوەو دوای بەرژەوەندییە فەورییەکانی خۆی دەکەوێت. بۆ خەڵکی کەرکوکیش وایە. ئەوان سەرنج دەدەن، لە نێوان کوردستانو عێراقدا. تەماشای هێزەکان دەکەن، سەرنج دەدەن لەدەستورەکان، سەیری مامەڵەی ڕۆژانەی هێزەکان دەکەن لە نێو کەرکوکدا، ورد دەبنەوە لە ڕەشەکوژییەکان لەسەر هەویەی قەومی، تەماشای هەڵبژاردنەکانو مەجلیسی پاریزگاو شارەوانی دەکەن لەسەر

هەویەی قەومی، دەبینن کە بەرێوەبەرەکان لەسەر پایەی هەویەی قەومی دیاریکراوە، تەماشا دەکەن کە دامەزراندن لەسەر پایەی پۆستی قەومیو حزبایەتیە، سەرنج دەدەن کە فشارو زەخت لەسەر دەرکردنی "عەرەبە هاوردەکان" هەیە جا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ. بەکورتی کاتێك سەرنج دەدەن جیاوازییەکی ئەوتۆو سەرەکی نابینن لەنێوان مافە سیاسیو مەدەنیەکانیاندا لە کوردستانو لە عێراق. بەوردی سەرنج دەدەن کە دەستوری پێشنیارکراوی پەرلەمانی کوردستان، هەمان ناوەرۆکی هەیە کە دەستوری عێراق هەیەتیو لە دوالێکدانەوەدا دەزانن تەنانەت ئەگەر جیاوازییەکیش هەبیت ئەوە تا ئەوکاتەی کە کوردستان لە چوارچیوەی عێراقدا دەبێت لە دوتوێی دەستوری عێراقدا ئەو جیاوازیانەش دەتوێتەوەو بەرەو نەمان دەچێت. لە وولاتیکدا بانێكو دووهەوا تەنانەت لە ڕووی باری ئەمنیشەوە تاسەر بەردەوام نابێت.

بەتایبەت  خەڵکی کەرکوك بە شێوەیەکی ڕۆشن دەبینن کە هێزە دەسەلاتدارەکانی ئێستای کوردستان لە دەسەلاتی بەغدادا هاوبەشو هاوپەیمانی هەموو ئەوانەن کە کاری تیرۆریستیو بەریوەبەری فرقەکانی مەوت دەکەن. ئەوان دەزانن کە ئەم هێزانە خۆیان بەشیکن لە نوسینەوەی دەستوری عێراق، بەشیکن لە دەسەلاتی گەندەڵیو هەموو ئەو کۆسپو مەئساتانەی کەبەسەر خەلکی عێراقدا دێت. بۆیە هیچ خاڵو مەسەلەیەکی سەرەکی نامێنیتەوە بۆ خەڵك کە متمانە بەم هێزانە بکاتو بەشێوەیەکی جیاواز بیان بینێت لەوانەی دیکە کە لە گەڵیاندا لە بەغدا دەسەلاتدارن. پاشان دەبینن کە ئیدعای مافی مرۆڤو ئازادی بێسنور هەمووی مانشێتی ڕۆژنامەکانو هیچی دیکە. دەبینن کە خەڵك لەسەر ئەوەی ماندەگریت یان خۆپیشاندان دەکات تەقەی لیدەکرێت، دەبینن سەرەڕای بونی ئەمنیەتی نیسبی لە کوردستاندا، بەلام ئاوو کارەباو سوتەمەنی وەك شوێنەکانی دیکەی عێراق کەمە یان نیەو هەندی جار خراپتریشە. لەهەمانکاتدا دەبینن سەرەڕای بونی سەدان کۆمپانیای دەرەوەو ناوخۆیی بەلام موچەی فەرمانبەرانو کرێکارانو مامۆستایان هێشتا بەشی یەك هەفتەی هیچ خێزانیك ناکات.... کەوایە مۆتیڤی بەهێز بۆ ئەوەی ئەوان لەسایەی تێگەیشتنێکی واقعیدا هەڵبژاردنی خۆیان بکەنو کوردستان هەڵبژێرن وجودی نیە. پێم وابیت بۆ دەسەلاتدارانی ناسیونالیزمی کورد بەتەواوی ڕۆشنە کە ناتوانن بە ڕیگای زۆر کەرکوك بخەنەوە ژێر ڕکێفی خۆیان. ئەم مەسەلەیە پێویستی بەوە هەیە کە خەڵکی کەرکوك بە کوردو عەرەبو تورکمان، دیارە مەبەست زۆربەی ئەوانەیە، بەشێوەیەکی مەلموس هەست پێبکەن کە بەرژەوەندی ئەوان لەوەدایە کە کەرکوك لەسەر کوردستان بێت. بەلاّم ئەم کارە چۆن مەیسەر دەبێت.

## * جیابونەوەی کوردستان، مۆتیفێکی بەهێزە بۆ رازیکردنی خەڵکی کەرکوك!

بێگومان فیدرالیزم شکستی خوارد، نە تەنها لە ئاستی ناوچەییو نێودەوڵەتیدا بەڵکو لەنێو خۆی کوردستاندا ئەژنۆی دای لەبەرد. خەڵك لەسایەی فیدرالیزمی یەکێتیو پارتیدا نەك هەر هیچیان پینەبڕا بەڵکو ئاوو کارەباکەشیان کەم بوەو گوللەبارانیش کران. بۆ فیدرالیزمو خودمختاری، من ئامارێکی وردم لەبەر دەستدانیە چەند کەس لە رۆڵەکانی خەلکی کوردستان بونەتە قوربانی، چەند کەس لەم رێگایەدا کوژراونو ئیعدامکراون لەسایەی دەسەلاتی حکومەتی بەعسدا، ئەوە ئەگەر لە ئەنفالو ... هەموو ئەوانە بگەڕێین.... ڕوبارێك لەخوێنو کێوێك لە نەهامەتی بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتوە، تاکو گەیشتۆتە ئەم ڕۆژە کە هیچی دیارنیە، نە خاوەنی مافە سیاسیو فەردیو مەدەنیەکانیەتی، وەنە ستەمی قەومی بنەبڕکراوەو وەنە رزگاری بووە لە دڵەراوکێو چاوەڕوانیەك کە ماوەی 16 ساڵە پێوەی دەناڵێتو نازانێ چارەنوسی چی لێدێت. ئەم ڕیگایە پڕ بوو لەمەئساتو کوێرەوی لە ئاوارەییو ئەنفالو لەشەڕی ناوخۆی شارو شاخ... ڕیگای بزوتنەوەی کوردایەتی بۆ زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان هیچی لێ سەوز نەبوو...

جیابونەوەی کوردستان ڕیگایەکی ئاسانو قیرتاوکراو نیەو نارەحەتیو قوربانی خۆی هەیە، بەلاّم قوربانیەکانی هەرگیز ناگات بە بالاّی ئەو قوربانیانەی کە تا ئێستا دراون. لەهەمانکاتدا خەڵکی کوردستان رزگاریان دەبێت لە دڵەڕاوکێو چاوەڕوانی، لە حوکمو بڕیاری مەلاو تیرۆریستەکانی بەغدا، لەحوکمی جەعفەریەکانو مالکیەکانو ئاخوندەکان... خەڵکی کوردستان ئەوکات دور دەبن لە شەری قەومی دور دەکەونەوە لە شەری تیرۆریستی... بەلاّم هێشتا جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتیك تیایدا ئەگەر بێتو دەوڵەتو دەستورێکی پێشکەوتنخوازی نەبێت، ئەگەر بێتوو مافە فەردیو مەدەنیو سیاسیەکانی خەڵکی کوردستان نەپارێزێت، ئەگەر بێتوو، تەنها ئینتما ئینتمای هاوولاتی بون نەبێت، ئەگەر بێتوو قەومیەتو دین لە دەستورو یاساکانیدا بێت... دیسان ئێمە وێرای ئەوەی کە کوردستان جیایەو خەڵکی کوردستان لە مۆتەکەو ترسو چاوەرانیەکان رزگاریان بوە.. بەلام هێشتا خەڵکی کوردستان بەرژەوەندیەکانی جێبەجێنەبوەو مافە سیاسیو مەدەنیەکانی دەستەبەر نەبوە. لەم حاڵەتەدا  بۆ خەڵکی کەرکوکیش هەڵبژاردن زەحمەتە، هێشتا بۆئەوەی کە لەنێوان دوو دەوڵەتدا یەکێکیان هەڵبژێرن کاریکی گران دەبێت. ڕیگا ئەوەیە کە کوردستان جیابیتەوەو دەوڵەتێکی تیدا پێکبێت کە دین تیایدا جیا بیت لەدەوڵەت لە خویندنو پەروەردە، کە ئینسان تیایدا وەك هاووڵاتی پێناسە بکرێتو هیچ ناوێك لە کوردو عەرەبو تورکمان لەنێو دەستورو یاساکاندا نەیەت.  دەوڵەتێك بێت کە هی هەموو دانیشتوانەکەی بێت بەجیا لەوەی کە پێشتر

چیبووە، تورکمان بوە یان کورد بوە یان عەرەب بوە، مەسیحی بوە یان جولەکە بوە، موسلمان بوە یان بێدین بوە، شیعە بوە یان سوننە بوە... ئەوکات وە پیم وابیت ئەوکات دەکرێت کە بەشێوەیەکی ئینسانی وە لەریگای ریفراندۆمێکەوە خەڵکی کەرکوك رازی بکەین کە وەرن بۆ ئێرەو لیرە ژیانتان باشتر دەگوزەرێتو لەکوردستان مافەکانتان زیاتر دەستەبەر دەبێت... ئەمە ڕیگایەکە پێویستە خۆمانی بۆ ئامادەبکەین.... بۆئەوەی خەڵکی کوردستان رزگاریان بێت لە قوربانی دانی بێهودەو بێسود، بۆئەوەی خەڵکی کوردستان پشویەکی ئینسانانە بدەنو چیدیکە ئەسیری چاوەروانیو مالوێرانی نەبنو خەڵکی کەرکوکیش لە ژێر سایەی باڵی ڕەشی ئیسلامی سیاسی سوننیو شیعیو ناسیونالیزمی عەرەب دەربکێشین. ڕیگایەکە بۆ ئەوەی خەلك بخەینە بەردەم ئیختیارێکی ئینسانیەوەو لەسەر پایەی مافو بەرژەوەندییە ئینسانیەکانی هەڵبژاردنی واقعی خۆی بکات، نەك لەسەر ئەساسی ئەوەی کوردە یان عەرەبە یان تورکمانە. ئەگەر فەرزێك بکەینو بلێین کەرکوك بەزۆر دەگێردرێتەوە بۆسەر کوردستان (لەسەرەوە ووتم بەزۆرناگەریتەوە) ئەمە نەك چارەسەری کێشەکە ناکات بەڵکو قوڵتری دەکاتەوەو زەمینەکانی بۆ خۆش دەکات بۆ ئەوەی پاش چەند سالێکی ترو لەهەلومەرجێکی جیاوازدا بەشێوەیەکی تر ئەم کێشەیە سەر دەربهێنێتەوە. بەبڕوای من چارەسەری کێشەی کەرکوك لە مەودای دورو نزیکیدا لە ڕێگای زۆرو چەکەوە ئیمکانی نیە. تاکو کوردستانیش لەنێو عیراقدا بێت داواکاری گیرانەوەی کەرکوك بۆ سەرهەرێم جگە لەفراوانکردنەوەی دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد هیچ مانای دیکەی نیەو هیچ پەیوەندی نیە بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانەوە...

## *ئێستا چی بکەین !

وەك لەسەرەوە ئاماژەم پێدا ڕیگای دروست ئەوەیە کە خەڵکی کەرکوك بخەینە بەردەم هەڵبژاردنێك کەتیایدا دوو هەلومەرجی تەواو جیاواز لە ئارادابن. لەکوردستان دەوڵەتێکی مۆدیرنو ناقەومی هەبێت، لە بەغدا دەوڵەتی ئیسلامی سیاسی وەك ئەوەی کە هەیە، یان تێکەلێك لە ناسیونالیزمی عەرەب لەگەلێدا.... واتە خالّی سەرەکی خەباتو هەوڵدانە بۆ جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی سکۆلاری ناقەومی. بەلام لە ئێستاوە پێویستە لەکەرکوکداو لەنێو خەڵکی کەرکوکدا، زەمینەیەکی بابەتی وا بخولقێنین، کە خەڵك متمانەی بەم سیاسەتە هەبێت ئەویش لە ڕیگای ئەوەی یەکەم/ نەوتی کەرکوك نەوتی هەموو عێراقیەکانە تا ئەوکاتەی کە کەرکوك بەشێکە لەعێراق، دانانی ڕیژەیەکی گونجاو بۆ بەروپێشبردنی ئاوەدانکردنەوەی ئەم شارە کاولە، دووەم/ هەڵوەشانەوەی مەجلیسی شارەوانیو پاریزگای ئێستا. دیاریکردنی ماوەی 3-6 مانگ بۆ هەڵبژاردنێکی تازە کە لەسەر پایەی گەرەکەکان بێت، بە لەبەر چاوگرتنی ژمارەی دانیشتوان...سێهەم / مەجلیسی تازەی شاری کەرکوك خۆی بڕیاردەر دەبێت لە دیاریکردنی پاریزگارو تەواوی بەرێوەبەری فەرمانگەکان، واتە دەسەلاتی یاساییو جێبەجێکردنیشی دەبێت. چوارەم/ هەڵوەشانەوەی دەزگای پۆلیسو دەزگای سوپاو دەزگا ئەمنیەکانی ئێستاو پێکهێنانی هێزی چەکدار "سوپا" لەسەر پایەی گەرەکان. هەر گەرەکێك لەلایەن دانیشتوانی خۆیەوە پاریزگاری لیدەکرێتو لەلایەن دەسەلاتی شارەوە موچەیان بۆ دیاریدەکرێت، وەك موچەی هەر فەرمانبەرێك. پێنجەم/قەدەغەکردنی هەر چالاکیەك کە نەعرەتەی نەتەوەییو ئاینیو تائیفی دەوروژێنێت.. شەشەم/ قەدەغەکردنی ڕەوانەکردنەوەی "عەرەبە هاوردەکان"، کەرکوك شاری هەموو دانیشتوانەکەیەتی بەبێ جیاوازیو هەلاواردن لەسەر پایەی دانیشتوانی ڕەسەنو هاوردە... حەوتەم/ قەرەبوکردنەوەی زەرەرو زیانەکانی گشت ئاوارەکانی کەرکوكو دابینکردنی خانوبەرەی گونجاوو بەخزمەتگوزاری پێویستەوە لە ئاوو کارەباو ڕیگاوبانو قوتابخانەو خەستەخانە، کێشەی گشت ئاوارەکان پێویستە لەماوەی 3 مانگدا کۆتایی بێتو بۆ ئەم مەبەستە مەجلیسی تازەی شار کۆمیسیۆنێکی تایبەت دادەنێت بەنێوی " کۆمیسۆنی چارەسەری کێشەی ئاوارەکانەوە" کە دەسەلاتی جێبەجیکردنیشی دەبێت.

بەبروای من ئەم ڕیگایە ڕیگایەکی کارسازو گونجاوە بۆ ڕاکێشانی زۆربەی زۆری خەڵکی کەرکوك بەرەو قبولّکردنی ئاڵوگۆڕی تازە لە ژیانیانداو تەجاوز کردنی باری ئێستیان کە بەپێی شوناسنامەی قەومیو ئاینیو تائیفی بیردەکەنەوەو رەفتار دەکەنو دەنگ دەدەن، هەروەها دەستی تەواوی وولاتانی ناوچەکەش دەبەستێت لە دەخالەتکردنی کاریگەریان لەسەر چارەنوسی خەڵکی کەرکوك... لەهەمانکاتدا زەمینە دەرەخسێنیت بۆ دەنگدانی ئەوان بەجیابونەوەی کوردستانو وە جاری دووەم بۆ دەنگدانیان بۆ ئەوەی پەیوەست بن بە دەوڵەتێك کە لە کوردستاندا پێکهاتووە.

بەجیا لەڕیگایەکی ئینسانیو هەوڵدانو خەباتکردن بۆ سڕینەوەی شوناسنامە قەومیو ئاینیو تائیفیەکان لەکەرکوکدا، ڕیگایەکی تر لە گۆڕی نیە بۆ رزگارکردنی خەڵکی کەرکوك لەم بارە دژوارەی کە تێیکەوتوەو کردویەتیە شوێنی پەلاماردانی هەمو هێزە قەومیو ئیسلامیو ناوچەییەکان.